www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 2-2-2006 12:58

جینۆسایدێکی تر لە کوردستان دەستی پێکرد! ... پەرەوەر پالانی

دواجار بەهەر شێوەیەك بێ نەخۆشی هەڵامەتی بااڵندە گەیشتە کوردستان و دوای مردنی (شەنگین) لەسنووری رانیە ئیتر بۆ بڵاوبوونەوەی ئەم نەخۆشییە کوشندەیە دەست کرا بە کۆکردنەوەو کوشتنی تەواوی بااڵندە کێویو ماڵییەکان لەالیەن لیژنەیەکی حکومییەوە.

ئەوەی راستی بێت من پسپۆڕ نیم لەم رووەوەو ئەوەی نکۆڵی لی ناکرێت هەرچەندە ئامادەباشی بۆ ئەم مەسەلەیە بکرێت لەرووی هۆشیاری دان و رێگە نەدان بە پەرش و بڵاوبوونەوەی، هێشتا هەر کەمەو ئەمەش بە ئەرکێکی نیشتمانی و نەتەوەیی دێتە ژماردن، گەرەکە حکومەت لە هەر شوێنێك و هەر وڵاتێك کار بۆ بنەبڕکردنی ئەو مەسەلەیە بکات، لی ئەوەی سەرنجی راکێشاوم و بۆتە هاندەری نووسینی ئەوبابەتەم و بیناقاقای توند گرتووم، ئەو دیمەنە ناوازەیە بوو کە لە کەناڵێکی ئاسمانی کوردی پێشانی داین، ئەویش کوشتنی هەندی پەلەوەر بەلێدانیان بە دار لەسەر تەپڵی سەری و بەمەش بااڵندەی بەسەزمان لە هۆش خۆی دەچوو یا دەشلەژا.

ئەوەی پێویستە ئاماژەی پی بکەین ئەو بااڵندانە گیاندارن و هەست بە ئازار دەکەن، ئەوانیش چ گوناهێکیان نیە دەربارەی ئەو قایرۆسەی کەتووشی بوونەو ئەو هەڵامەتەش گیانی مرۆڤ دەخاتە مەترسییەوە.

ئەو دیمەنەی کەبینیم لەو کەناڵە کوردییەدا لەدیمەنی ئەنفالە بەدناوەکەی خەڵکی کوردستان دەچوو، بەو شێوازەو بەوئاراستەی پیاوانی رژێمی رووخاو بە دار و گوللە دەیانخست بەسەر تەپڵی سەرمانەوەو دواتریش زیندە بەچاڵیان دەکردین، ئاخۆ دەبی ئەمەش کلتوری ئەو رژێمە گۆڕبەگۆڕە نەبی هەر وەك ئەنفلەوەنزای کلتووەکان ئێمەی گرتبێتەوەو هەر لەبەر ئەمەش هەمان حەزو ئارەزوومان هەبێ کەئەو دراماییانە دووبارە بکەینەوە.

لێرەدا پرسیار دروست دەبی کەئایا رێگە چارەیەکی تر نیە بۆ بنەبڕکردنی ئەم نەخۆشییە کوشندەیە؟ یا رێگەیەکی تر نیە بۆ لەناوبردنی ئەو بااڵندە بەسەزمانانە؟ تەنیا لێدان بەدارو ئاسن نەبی لەسەر تەپڵی سەریانەوە؟ ئایا ناتوانری سەریان ببڕن و دوای ئەوەی گیانیان لەدەستدا بسوتێنرێت؟ یاهەر لەشاشەی تیڤیەکاندا ئەو دیمەنانە پەخش نەکرێن و خەڵکی پیپەست نەکەن، من لەو بڕوایەدام گەر تا دە ساڵی تریش ئەو نەخۆشییە بە ردەوام بێت هێندەی ئەو گەنجانەی لەشەڕی براکوژیدا کوژران نیو ئەوەندەش بەهۆی ئەو نەخۆشییەوە گیان لەدەست نادەن، ئەوە ئەگەر ئەو هەڵمەتە لەمەترسی گیانی خەڵك بێت، هەروا تا دە ساڵی تریش بەردەوامی هەبێت هێندەی تیرۆریستان سەرکردەکانمانیان شەهیدکردن و هاوڵاتیانی ئەو وڵاتەیان بەکاری تەقینەوە لەناو برد، ئەوا نیو هێندەش مەترسی بۆ بەرپرسان نابێت. کەواتە گەرەکە لەکاتێکدا کە ئەم پرۆسە مرۆڤایەتییە ئەنجام بدەین لەهەمان کاتیشدا مافی ئەو پەلەوەرانەش پێشێل نەکەین.

بۆئەم مەبەستە داوام لە پەیوەندیدارانی بنەبڕکردن و قڕکردنی بەکۆمەڵی بااڵندەکان ئەوەیە کە رێگە چارەیەکی تر بدۆزنەوە بۆ ئەم مەسەلەیە، یانەوەتا لەرێگەی سەربڕینی بااڵندە کان ئەم کارە بەئەنجام بگەیەنری، یانەوەتا ئەو دیمەنە قێزەونانە لە شاشەی تیڤییەکان دووبارە پەخش نەکرێتەوە.

parwarpalani@yahoo. com
1/2/2006